# (ئەوین..گوناه...کوشتن...پاك بونەوە)

کارزان عوسمان
Karzan984@yahoo.com

« بە ڕۆحی (دوعا) پیشکەشە
ئەو قوربانیەی, هەمو نیشتیمانییەکانی
بوون بە جەلاد »

نویٚ بوینەوە بە ڕابردوو !
تفیان لە خۆشەویستی کردوو
بەردیان گرتە گوڵ !
ئەوینیان کردە گوناهوو
کوشتنیان هانی
بۆ پاك بونەوە لە گوناه !
ڕەنگە دڵە چکۆلانەکەی (دوعا)
لە نشتمانەکەی گەورەتر بیت!
ئاخر لەدڵی ئەودا خۆشەویستی جیٚی بویەوەو
لە نیشتمانەکەیدا, نا!
من دڵنیام
ئیٚوە بەتەنها (دوعا) تان نەکوشت
ئیٚوە ئەوینتان لەو دەڤەرەدا کوشت
ئیٚوە بەزەیتان وەدەرناو
قەهرتان بەخشیە هەمو ئەوینداران
چۆلەکە کانتان تەرە کردوو
هەتاوتان تورەکرد!
خودایە ...

**دەبا موعجیزەی (ئیبراهیم)ت**

**دوبارە بکردبایەتەوەو**

**بلۆکەکان ئازاری لۆکەیان هەبایا بۆ (دوعا)!!**

**خودایە,دواجار تۆیش بە تەنگ ئەم ئەویندارەوە نەهاتی ,خودایە !.**